بە دەنگتان قورئان بڕازێننەوە

لە بەرائی کوڕی عازیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «بە دەنگتان قورئان بڕازێننەوە».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

مەبەست ئەوەیە قورئان بڕازێننەوە بەهۆی خۆشکردنی دەنگتان لە کاتی خوێندنەوەی قورئان، چونکە جوانی وشیرینی وتەکە زیاد دەبێت ئەگەر دەنگەکە خۆشتر وجوانتر بێت، وحیکمەت لێرەدا ئەوەیە دەنگی خۆش وخاشع دەبێتە هۆی زیاتر بیرکردنەوە لە واتاکانی قورئانی پیرۆز، وتێگەیشتن ولێکدانەوەی مەبەستی ئایەتەکان وفەرمانەکان ونەهی لێکراوەکان وموژدە وسزاکان؛ ونەفس بەهۆی سروشتی خۆیەوە حەزی لە دەنگی خۆشە، ولەوەیە ئەم دەنگە خۆش وخاشعە ببێتە هۆی خاڵی بوونەوەی بیر وفکر لە شتە سەرقاڵکەرەکانی دونیا، بۆیە ئەمەش دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشانی تەواو بۆ ئەو ئایەتانەی کە دەخوێندرێت؛ بۆیە ئەگەر ئەمانە ڕوویاندا ئەوا ئەوەی داواکراوە ڕووبداوە لە خشوع بوون وملکەچ بوون لە کاتی نوێژدا، ومەبەست لە ڕازاندنەوەی دەنگ لەم فەرموودەیەدا بریتیە خۆشکردن وڕێککردنەوەی دەنگ کە ببێتە هۆی خشوع وملکەچ بوون لە ناو نوێژدا، مەبەست ئەوە نییە دەنگەکە وەکو دەنگی ئاوازەکانی گۆرانی ومۆسیقای لێبێت کە ئەمیش سنوور تێپەڕاندنە لە خوێندن وتیلاوەی قورئاندا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10847